عێراق سەرخۆشی لە ئێران دەکات بەهۆی هێوداوەکەی بەندەر عەباسەوە



سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پرسە و سەرخۆشی خۆی ئاڕاستەی سەرکۆماری ئێران دەکات بەهۆی قوربانیانی هێوداوەکەی بەندەر عەباس"ـەوە

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سەشەممە پرسە و سەرخۆشی حکومەت و گەلی عێراق ئاڕاستە کرد بە قوربانیانی ئاگرکەوتنەوەکەی بەندەری شەهید ڕەجایی لە شاری بەندەر عەباسی ئێران.

وتیشی لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران مەسعود پزیشکیان بەرزیان هاوخەمی و هاوسۆزی عێراقی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان و ئامادەیی تەواوی دەربڕی بۆ پشکشکردنی هەر هاوکارییەکی پزیشکی فریاگوزاری بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان و سەرخۆشی لە تەواوی گەلی ئێران کرد و هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ بریندارەکان خواست.